# تكايه لوولەی تفەنگەكانتان وەرگێڕن!

"سەبارەت بەكەمپینی ڕابەرایەتی حككا لەدژی حككع"

بەداخەوە هەلوێستی نامەسئولانە وئینحیلال تەلەبانەی هاوڕێ حمید تقوائی لەبەرامبەر جیاوازییە سیاسییەكانی ناو حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێران، ولەواقعدا بێتوانایی ئەو وەكو لیدەری حیزبی ئێران بۆ چۆنییەتی مامەلەی كێشەكان ولامبالاتییان سەبارەت بەچارەنووس وئایندەی بزووتنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری،ویەكپارچەیی حیزب، هەموو هەول وڕێگا ئوسولی ومەدەنییەكانی بۆ یەكلایی كردنەوەی ئەو كێشە دەروونییانەی ناو (حككا)ی بەبنبەستی تەواو گەیاند،وحیزبی دووكەرت كرد.ڕابەرایەتی حككع ئەوپەڕی هەولی جددی خۆی دا بۆئەوەی حیزب لەم دووكەرتبوونە بپارێزێت.بەلاّم هاوڕێ حمید دەسەلاّتێكی سەروحیزبی بەخۆی داو بەسەر ئیرادە ومخالەفەتی ئەكسەرییەتی كۆمیتەی ناوەندی حككا ومەكتەبی سیاسی حككع وهاوڕێ ڕێبوار احمددا بازی داو كۆنگرەی نائاسایی ڕاگەیاند گوایا بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەكان.لایەنی بەرامبەریش،یانی ئەكسەرییەتی كۆمیتەی ناوەندی لەپێناوی سومعە وحورمەتی كۆمۆنیزمی كرێكاری ومەنسور حكمەت دا،بەشداری سیناریۆی زیندەبەچالكردنی حیزبیان نەكردو لەپێناوی بەردەوامیدان بەكاروانێك كە هاوڕێ مەنسور بەرێی خستبوو بۆ ئازادی وسۆشیالیزمدا، چاوپۆشییانكرد لەسەرتاپای ئیمكانیاتی حیزب كەدەور ونەخشی ئەساسییان بووە لەپەیداكردنیدا، وەلەپێناوی بەرز وشەكاوە ڕاگرتنی ئالاّی حیزبی مەنسور حكمەت ولەسەر بنچینەی ئوسولەحیزبییە بەرزەكانییەوە،وەلەڕاستای بەردەوامیی كاروانەكەی ووەفاداری بۆ پەیامە ئینسانییەكانی ئەو،حیزبی خۆیان ڕاگەیاند.بێگومان ڕابەرایەتی (حككع)یش لەم نێوەدا ناتوانێت تەماشاچی بێت،وەكو بینیمان بەبڕیاری پشتیوانیی لە حیزبی نوێ،هەلوێستێكی سیاسی درووست وچارەنووسسازی وەرگرت. من كەلە سەرەتاوە خۆم لەهەوێلی كێشە وخیلافەكاندا نەبووم،وەختێك كەزانیشم فەورەن داواام لەڕابەرایەتی حیزبمان كرد دەبێت لەم توندپێچە خەتەرەی كۆمۆنیزمی كرێكاریی تێكەوتووە حیزبی ئێمەش بەتایبەت ڕابەرایەتی دەخالەتی جددی وكاریگەری هەبێت،وەبۆ پاراستنی یەكپارچەیی ڕیزی حیزبەكانی مەنسور حكمەت وئاژێنكردنیان لەگەل كۆمەلگادا هەموو تواناكان بەكاربەرن.

لەگەل ئەوەشدا كەدووكەرتبوونی حككا زەربەیەكی گەورەی وەشاند لەبزووتنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری،وفرسەتێكی تەمەنكورتی دایەدەستی دوژمنانی ئینسانییەت وكۆمۆنیزم بۆهێرشی سیاسی وتەبلیغاتی لەدژی بزووتنەوەی ئێمە،بەلاّم پێكهاتنی حككا ـ حكمەتیست وبڕیاری ئازایانە وچارەنووسسازی ڕابەرایەتی حككع بۆ پشتیوانی لەم حیزبە،هەم ئەم هێرشانەی بەرتەسكتركردەوە،هەم دلی ملیۆنەها ئینسانی تینووی ئازادی ویەكسانیی ئاسوودەكرد كەبەشەوقەوە چاوی ئومێدیان بڕیبووە حیزبەكانی مەنسور حكمەت.بەلاّم دیسان بەداخەوە هەرلەلایەن هاوڕێ حمید تقوائی وبرێك لەهاوڕێیانی ڕابەرایەتی حككا وە بەئاشكرا بانگەشە دەكرێت بۆ هەلوەشانەوەی حككع یش لەڕێگای ئاوەژوو كردنەوەی ڕاستی ڕووداوەكان وخیلافە سیاسییەكان وهاندانی ئەندامان بۆ شۆڕش لەدژی ڕابەرایەتی.بەلاّم ئەم هەنگاوەی هاوڕێیان لەڕاستای قانعكردنی خەلك وئەندامانیان بەوئیدیعایانەیان سەبارەت بەبڕیاری ڕابەرایەتی

حككع وپاساودانی ئەم بانگەشەیەیان،پێشێلکردنی سەرتاپای ئوسول وپێوانە سیاسی وئیستراتیژییەکانی کۆمۆنیزمی مەنسور حکمەتە وژێرپێنانی ئوسول وشێوازەکانی حیزبییەتی کۆمۆنیزمی کرێکارییە لەلایەك،ولەولای تریشەوە بەلگەیەکی مەلموسە بۆ مەیل ودەمارگیری چەپی حاشییەیی وسوننەتی لەمەنهەجی سیاسی حمید تقوائی وهاوڕێیانیدا بۆ ڕووکردنیان لەمەحفەلیزم وبێزارییان لەحیزبی سیاسی حکمەتیستی.ئێمە کادرانی حككع لەپشتی ڕابەرایەتیمانەوە ڕاوەستاوین وڕێگانادەین لەژێر هیچ ناو وبەهانەیەکدا حیزبییەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراق بەدەردی حككا بچێت.

بۆ ئێمە ئەندامان وکادرانی حككع،وەلانی کەم بۆ من وەکو کادرێکی ئەم حیزبە زۆر ئەستەمە بتوانم ئەم هەلوێستە سیاسییە ئینحلالتەلەبانەیە کەلەلایەن هاوڕێیانێکمەوە کەتا دوێنێ چاوی ئومێدم تێیان بڕیبوو،وبەپشت وپەنایەکی تۆکمەم ئەزانین بۆ حیزبەکەم،ئەمڕۆ خەریکە عەزیزترین قیبلەنماو ئومێدی منالان،ژنان،لاوان وکرێکارانی کۆمەلگای عێراق وکۆمۆنیستە کرێکارییەکانی عێراق،یانی حككع بەدەردی چارەنووسی حككا ببات،بەدرێژەی خەت وڕێبازەکەی مەنسور حکمەت بزانم.هاوڕێیان لەڕابەرایەتی حككا،ئاگادارتان ئەکەمەوە کەئەم هەنگاوەتان جگە لەزەربەدان لەبزووتنەوەکەمان وتۆوکردنی بێئومێدی بەتحقیقبوونی پەیامە ئینسانییەکانی مەنسور حکمەتی ئازیز لەدلی ملیۆنەها ئینسانی تامەزرۆی ئازادی وڕزگاری، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێناکەوێتەوە.ئەمەش لێخۆشبوونی نییە وکۆمەلگا ومێژوو لێتان قبوول ناکات. لێگەڕێن باپرۆژە عەزیمەکانی مەنسور حمکەت لەعێراق پەکیان نەکەوێت. لێگەڕێن باچرای ئومێدی ملیۆنەها ئینسانی عێراقی بەسیاسەت وبەرنامەی حككع خامۆش نەبێت.دووبارە داواتان لێئەکەم ئەگەر ئەتانەوێت هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ونزیکتان لەدەستنەدەن ونەکەونە بەردەم لێپرسینەوەیەکی گەورەی کۆمەلایەتییەوە، لوولەی تفەنگەکانتان وەرگێڕن.وەرن باپێکەوە سەنگەری دیفاع لەحورمەتی ئینسانییەت پتەوتر بکەین.ئەمە باشترین پێوانەی وەفادارمانەوەیە بەبەرنامەی دنیایەکی باشتر.

## بژی مەنسور حکمەت

## بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

**محمد غفور**

**لێپرسراوی حككع ـ کۆمیتەی هۆلەندا**

10سێپتێمبەر2004